# چەند هەواڵێك لە "رانیە" و "قەلادزێ" وە

* رۆژی 28-6-2005 نزیکەی 15 کەس لەوانەی کە بەکاری پۆلیسی هاتوچۆ هەڵدەستن بەرامبەر بە جێ نشینی رانیە نارەزایەتی سەبارەت بە بریاری نقل کردنیان لە رانیەوە بۆ سلیمانی و هەروەها بەرامبەر بە وجودی گەندەلی ئیداری و کەمی ژمارەی پۆلیسی هاتوچۆ لە رانیە دەردەبڕن.کە لە ئەنجام دا سەر کەوتنیان بە دەست هینا و داواکانیان جیبەجێ کرا.

* رۆژی 14-7-2005 سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە کۆریکی بۆ دەستەی هاوکاری رانیە ساز کرد و لەو کۆرەدا لە سەر کارو چالاکی و رابردووی دەستەی هاوکاری رانیە، هەردوو بەریزان سید خالید و خلیل علی قسەیان کرد ولە بەشی مداخەلەی ئامادە بوانیش دا گفت وگۆی زۆر لە سەر کار و ئەرکی داهاتوو وە ماف و داواکانی خەلکی رانیە و پیویستی پیك هینانی لیژنەی نوینەرایەتی خەلکی رانیە کرا بۆ ئەوەی ببیتە وەسیلەیەك بە دەستی خەلکەوە تا لە ریگەی ئەم لیژنە جەماوەریەوە خەلك بتوانێ هەم چاو دیری و متابەعەی کار و بارو پرۆژەکانی ناو رانیە بکات و هەم بتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنیتە بەر پرسان

بەشیکی تری قسە و باسەکانیش لە سەر ئەو بریارەی بەریوەبەریتی پەروەردەی رانیە بوو کە تەنها 6 رۆژ دوای مانگرتن و خۆ پیشاندانی خەلکی نارازی رانیە بە بریاری ژمارە 4776 مامۆستا خلیل علی لە رانیەوە بۆ گەرمیان نەقل کردووە. کە مامۆستا خلیل یەکیك بووە لە بانگەواز کەرانی مانگرتنی رۆژی 21-6 و ئەندامی چالاکی دەستەی هاوکاری رانیەیە.کە لەو کۆرە دا ئەم بریارە بە بریاریکی دژ بە هەموو خەلکی رانیە وەسف کرا و هەر لەوی لە لایەن ئازاد احمدەوە پیشنیاری وەستانەوەیەکی جەماوەری بەرامبەر بەو بریارە کرا کە پیشوازی گەرم لەم پیشنیارە کراو دوای تەواو بوونی کۆرەکە لە لایەن بەشیك لە ئامادە بوانەوە بریار لە سەر ئەوە درا کە حەملەیەکی ئیمزا کۆکردنەوە بکریت لە ئاستی شاری رانیەدا بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارە.

کە بە پیی ئەو هەوالەی پیمان گەیشتوە بریارە لە رۆژانی 16 و 17 و 18 -7-2005 ئەو حەملەی ئیمزا کۆکردنەوە بکریت و رۆژی 19-7 ببریت بۆ بەرپرسانی رانیە و داوای هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارە بکریت.

**پەیامنێری ئۆکتۆبەر لە رانیە**